شیعر



زمکان عەزیز

# شووشەیەک شەراب خاڵیم ئەکاو ئەمشکێنێ ئەمشەو

### پڕم لە خاڵی

ئەمشەو
هەر من و هەر شووشەیەک
هەر ئەو و هەر من
منی خاڵی و ئەوی پڕ
من نیوە ئەبم کە نیوەی ئەو ئەخۆمەوە
ئەو پڕ ئەبێ کە رووت و قوتی ئەکەمەوە
لەگەڵ خۆی ئەمخەوێنێ
ئەوی خاڵی و منی پڕ

### دەرگایەکی تەزیو لەودیو پیاما ئەکێشێ

شوشەیە شەرابە
ئەم ئێوارەیە .. باڵی گرتووم و
لەسەر شەقامەکە رامئەکێشێ
فڕێم ئەداتە ناو کوچەی مەی و
سوچە چۆڵەکانی خەیاڵ

لەو شەقامە هەموو دەرگاکان ئەمناسنەوە
هەر من دەرگاکەی خۆم ناناسمەوە
شووشەیەک ئەمباتەوە
ئەمشەو ..
لەسەر سنگی خەیاڵ ئەمخەوێنێ

**دواهەمین سەرخۆشی ئەو مەیخانەیەم**
ئەمشەو
بەسەر شانی شووشەیەکەوە شۆڕ ئەبمەوە
ئەمباتەوە و
رام ئەخات دڵۆپ دڵۆپ گازم لێ ئەگرێت
رام ئەخا من نوستووم
ئەو ئەتکم ئەکات
نووستوو بووم
بەیانی لەسەر لیباسە شەرابییەکەی
چرنوقێکی بەجێ هێشتبوو

**دوو دەنک ترێم خستە ناو چاوەکانمەوە**
ئەمشەو
ملی ئەم شووشە ئەگرم و
قوڵپ قوڵپ ئەیرژێنمە ناو خۆمەوە
خاڵیم ئەکا و خاڵی ئەکەمەوە
ئەمشەو .. تامی ئەو شووشە لێو تەڕە
تاڵ .. تاڵڵڵڵڵڵڵڵڵڵڵڵڵ ..
بە پەنجە شمشاڵییەکانی
تەلی گیتاری .. گریانم ئەژەنێت

**بە تەنیشتمەوە شووشەیەک لەسەر شان کەوتووە**
ئەو شووشە
ئەمشەو

جگەرەیەک لە ناومدا ئەسووتێنێ و
دەست و پەنجە تەزیوەکانی
فڕێ ئەداتە ناوییەوە
ئەم شووشە لێو خەنەییە
ئەو شووشە سەرخۆشە
ئەمشەو
دەم بە لێوەکانمەوە ئەنێ و
مژێک بۆ ئەو سیغارە سەر قەترانییەش ناهێڵێتەوە
داگیرسان لە دوای داگیرسان
مژ لە دوای مژ ..
دواهەمین کوژانەوەم و
تەپڵەکێکی پڕم لە سووتان
ژوورەکەشم پڕ دەبێ لە بۆنی گوڵە توتن
بە تەنیشتمەوە هەنوکە شووشەیەک
لەسەر شان کەوتووە ..

**گەورەم بکە ئەی بچووک**
**تا هەمیشە بچووکت بم**
لەم شووشەدا
کە سەرخۆش ئەبین
هەمووماں بچووک ئەبینەوە
کە مەستیشین .. شووشەکان ئەشکێنین

**دوێنێ بوو تەنیایی بەیانیشی لێ بردمەوە**
ئەو شووشە لە ژوورەکەمدا
شکاوە و
منی بەسەر تەنیاییدا ڕژاندووە
تەنیاییش لە من مەستترە
ئەمشەو

## مەستانە ئەو کچەی لە ناو شووشەیەک شەرابدا ئەتگرێ

ئەمشەو
تامی تفتی مێوە پیرەکەی عەدەمە
تەرزی منداڵی لە پەنجەرەکەم
هەڵپێچیوە ..
ئەو پەنجەرە دەمێکە
نوزەی ڕووناکی لێوە نایەت
مێوی عەدەم
شەو نییە دەنکە ترێیەکم تێ نەگرێ و
مەستانەش بۆ سەما بەرزم نەکاتەوە
سەما لە ناو شەو

## لە ڤیژەی بێدەنگی دڵم کەڕ بوو

ئەمشەو
پەرداخە شکاوەکەی بێدەنگی
تامی تفتی خۆمی گرتووە
یان ..
خۆمم لەسەر لێواری کەوتن
ئەمشەو
وەختە بکەوم و بڕژێمە ناو
شووشەکەوە

## گەڕام لە ناو خۆڵەکەدا خۆمم نەدۆزییەوە

ئەمشەو
ئەو شووشە شەرابە
دەمنۆشێت و دەمشکێنێت
بە خاکەنازی زبڵەکە کۆم ئەکاتەوە و
فڕێم ئەداتە ناو خۆڵەکەوە

## له حەرەم سەراکەی شەرابدام

ئەمشەو
ئەو شووشە بەسەر خۆمدا ئەڕێژم
پرچی تەڕی خەیاڵ
بەسەر سنگە پیرەکەی تەنیاییدا دێنم
بەیانی تەنیاترین سەرخۆشم
بۆنی ترێم گرتووە

## من ئەهلی شکانم ئەی موعتاد

ئەمشەو
ئەو شووشە
لە من تەنکترە بۆ شکان
لەم کۆڵەپشتە موعتادەی مەستبووندا
قومێ ..
منی لە ناو شووشەیەکدا هەڵگرتووە
سەرم ئەنێتەوە و ئەمگەیەنێت
لێوێکی بەرسیلەیی لەو مەیخانەدا
بە مووچڕکێکەوە ئەمخواتەوە
ئەمشەو ..
لە ناو ئەم خەڵوەتە
شووشەیەک بە پێوە وەستاوە
لە پەنایەوە بە پێوە ئەنووم
بەیانی ئەو کەوتووە و
دڵۆپێکی تێدا ماوە بۆ موعتادێکی ئەم خەراباتە

## کە شەو دێت بە تەنیشتمەوە چرایەکی دووگیان و شووشەیەکی لێو تەڕ ئەمێننەوە

ئەمشەو
ئەو پیرە مێوە
چنگی لە پەنجەرەکەم ئەکەمەوە و

له بنەوە ئەیبڕمەوە
بەیانی کە خۆر هات
پەنجەرەکەم لەبەر پێیدا رائەخەم
ئەگەر ئەمشەو ئەو شووشە نەمشکێنێ

**ئەمشەو ئەو شووشە رەدووم ئەخات**

ئەمشەو
ئەو شووشە .. لێو خەنەییە
ئاسکێکە ..
گۆی مەمکی کچە رەدووکەوتوویەکە
لە ناو عارەقی تەنیاییمدا ..
ترسە نیگای ئامۆزاکانی نقوم ئەکات

**چەند مەستم مەستانە ئەمشەو من لە ناو ژووری ساردا**

ئەو شووشە
ئەمشەو
بەر لە شکانی و دوای شکانم
ئەیخۆمەوە
ئەگەر چی لەسەر نوکی پێکانم
بەسەر لێواری تەنیاییەوە
ئەمشەو
من و مەستانە سەما ئەکەین

**لەودیو لە دەرگا ئەدەم و لەمدیو نایکەمەوە بۆ خۆم**

ئەمشەو
شکان ..
بە دەست و پەنجەی خۆم لە دەرگای ژوورەکەم ئەدا
شووشەکەشم

به دەست و پەنجەی خۆی دەرگاکە دائەخاتەوە
لەودیو دەرگاکەوەیە ..
لەمدیو دەرگاکەوەم ..
لەسەر ڕێگەی هاتنە و
گەڕانەوەی لە کەنارێکدا بە دەریاوە بەستۆتەوە
لە مەیخانەکاندا ئێستا خۆی مەیگێڕە و
کوچە چۆڵەکانی پڕ لە خەیاڵ کردووە
شووشە خان ..
ئەگەر تۆ ئەو دەرگایە نەکەیتەوە
نارژێیت و منیش ناشکێم

**لەو سەری کۆڵانەکە دەنگی پێیەک ماوە**

ئەو شووشە
ئەمشەو .. ئەسپێکی شەکەتە!!
حیلەیەکیشی تێدا نەماوە

**لەو ڕێگایە کلیلێک کەوتووە لەو شارەش دەرگایەک ناکرێتەوە**

ئەمشەو
من و پیرە مێوەکەین
دوو گەڵای زەردی لە چاو کردووە و
لە پەنجەرەکەوە تەماشام ئەکات
لەودیو دەرگاکەمەوە .. شکان
ئەچپێنێ و پێم ئەڵێ .. پاشای گەورەم
بیکەوە .. ئیدی
سەرهەڵگرتن .. دەرگاکە لەگەڵ خۆی ئەبات و
کلیلەکەش ئەخاتە ناو دەستی پیاوێکی مەستەوە

## مەمشكێنە با نەڕژێم

ئەمشەو
لەو شووشە ئەچم
زوو ئەشكێ و زوو ئەڕژێ
شكان منم و ڕژانیش ئەو
ئەویش لە من ئەچێ
كە ئەشكێ زوو ئەڕژێ

## ئێستا دەتبینم لەودیو ئەی تەنهاترین خەم

وەرە
ئەمشەو .. شووشەیەک شەرابم بەرێ
تا گڕی چراكەم سەمایەكی تێدا ماوە
وەرە
ئەم ژوورە .. كەم كەم .. ئەی شكان
بمخەرە سەر لێوت .. خۆم ئەتوێمەوە
وەرە
لەم ژوورە من و پیرە شەوێكین
بەختە ڕەشەكانمان سپی ئەكەینەوە
ئەگەر هاتی لە درزەكانەوە
وەرە ..
دەرگای ژوورەكەم لەو دەمەوە
نە دائەخرێ و نە ئەكرێتەوە
ئەی خەمی شۆخ
ئەو شووشە بدە دەستم بە قومێ سەرخۆشمكە
تۆ لە مەستبوون سەرخۆشتری
تۆ لە من تەنیاتر و لە ترێیەک شەرابتری
لە من خاڵیتر و لە شووشەیەک پڕتری
شكان .. ئەوە منم
لەودیو پەنجەرەكەتەوە .. تەماشاكە
كۆترێكی هەڵنیشتووم

**من پرم .. پڕترین لە تۆ**

ئەمشەو .. مەستم
دڵیشم پڕە لە شووشە
پەنجەرەکەت دامەخە .. چاوەڕێی خۆمم
نەبا ئەمشەو لای تۆ مەست بێ
ئەی خەمی ماندوو
ئەگەر هاتی ئەتبەمەوە ناو ژوورەکەم
ژوورەکەشم لەسەر ڕێی تۆیە
تۆ ...

**پیاوێکی پیر لە دوای جەنازەکەی خۆیەوە شمشاڵ ئەژەنێت**

ژوورەکەم
پڕبووە لە باڵی پەپوولە
پڕ بووە لە خاڵخاڵۆکە و
پڕە لە خاڵی کۆتایی ..
هێلانەیەکە .. پڕە لە هێلکەی شکاو
مەیخانەیەکە پڕە لە شووشە
شەقامێکی پڕ لە یاخیبوونە
لەم ژوورەدا .. کتێبێک ئەمخوێنێتەوە و
شووشەیەک ئەمنوسێتەوە
شمشاڵێک ئەمژەنێ و
چرایەک فووم لێ ئەکات
خەیاڵێک ئەمکوژێنێتەوە و
شکانیش کۆمئەکاتەوە
لەو ژوورەدا شووشەیەک ڕژاوە و
پیاوێکیش مەست

Simkan97@hotmail.de